# ریفراندۆمەکەی کۆسۆفۆ کۆتاییە، یان سەرەتای ناکۆکییەکانە. . !

ئامادەکردنی: شێرزاد هەینی
heinisherzad@hotmail.com

گومان لەوەدا نییە کەوا هەریمی کۆسۆفۆ پاش چەند ساڵێکی تر دەبێتە خاوەن ولاتێکی سەربەخۆو لە سربیا جیادەبێتەوە. ئەویش وەك هەرێمەکانی تری وەك مقدونیا و بۆسنەو کرواتیا، مۆنتی نیگرۆ وا بەرەو دوا قۆناخی ترازانی پەیوەندییە دەستورییەکانە بە حکومەتی مەرکەزی و سەربەخۆیی تەواوی خۆی رادەگەێنێ. چاودێران ئەوە بە روونی دەبینن ئەو حکومە زاتیەی لە هەرێمەکە بە پالپشتی زلهێزەکان بۆی مەیسەرکرا هەنگاوەبەرەو سەربەخۆیی و بوونی ئەو بەرێوەبردنیە ناوخۆی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان رێخۆشکەرە بۆ ئەم مەبەستە. ئەوەش پاش ئەو هێرش سەربازیەی ساڵی ١٩٩٩بۆ سەر یوگوسلافیا پیلانی بۆ دارێژرا. دیارە ناوچەکە ئەوە ناخوازێت سیاسەتی" سوتانی هەنگاوەکان" ی تێدا پیادە بکرێت، رۆژی ئەوە نەماوە بۆ ئەم دیاردانە نەشتەرگەری بەژانی بۆ بکرێت.

ریفراندۆمەکەی ١٧ / ی نۆفمبەری رابردوو پلان و بەرنامەیەکی چاك و سەرکەوتوانەیە بۆ ئەوەی هەردوولا رازی بکات، ئەلبانەکان، ئەوانەی داواو حەز بە سەربەخۆیی دەکەن و سربەکانیش حەز دەکەن ئەو هەرێمی بەناو لەژێر کۆنترۆلی مەرکەزدایە وا بمینێتەوە. ئەو جۆرە ئیدارەیە ناوچەکەو رەوشەکە بەرەو ئاقاری هێمنی و ئاشتی دەبات. ئەگەرچی پرۆسەکە بە هێمنی و بەبێ کێشە کۆتایی هات، بەلاّم هێشتا بوار نەسازابوو سەرۆکی هەرێم هەڵبژێرن، ئەگەر چی " ئیبراهیم رۆگۆفا" ی کەسایەتی ناسراو و نەرمرەو و سەرۆکی گەورەترین فراکسۆنی پەرلەمانی " یەکگرتووی دیمکراسی کۆسۆفۆ"ی خاوەن( ٤٩) پەرلەمانتار سەرۆکی بەبێ منافسی سەرۆکی هەرێمە.

هەردوو حزبی سەرەکی کۆسۆفۆ " حزبی دیموکراسی بەسەرۆکایەتی هاشم تاتشی خاوەن ( ٢٦ ) کورسی لە پەرلەمان " و حزبی " هەڤالبەندی بۆ سەربەخۆیی کۆسۆفۆ بە سەرۆکایەتی رامۆش خیرالدین خاوەن( ٨ ) کورسی لە پەرلەمان " بەیەکەوەو بە توندی دژی پێشنیارەکەی رۆگۆڤا بوون بۆ وەرگرتنی فراکسۆنەکەی سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمان و حکومەت. بۆیە سەرۆکایەتی پەرلەمان لە هەڵبژاردنی رۆژی ١٠ / دیسمبەر لە یەکەمین کۆبونەوەی پەرلەمانا درا بە ئەندامی یەکگرتووی دیموکراسی نینجات. ئەوانەو بێلایەنی ئەندامانی تر وایکرد مەسەلەکە وا بمینێتەوە.

هەرەسی ئەم ئەزموونە، واتە ساغنەکردنەوەی سەرۆکایەتی و بونی جیاوازی تێروانین لە نێوان حزبەکانی ناو پەرلەمانەکە هەرێمەکەی هەژاند، هەردوو حزبی هاوپەیمان بە سەرۆکایەتی هاشم تاتشی و راموش خیرالدین خەباتیان بۆ سەربەخۆیی هەرێمەکەو جیابونەوەیان لە یوگوسلافیاکردبوو، هەردوولا ئەگەری سەربازیان هەڵبژاردبوو، شەریان بۆ ئەم مەبەستەکردبوو، بە پێچەوانەش سەرۆك راگۆفا لەگەڵ ئەگەرو کاری سیاسی بوو لەم قۆناخەدا، ئەو وای دەبینی.

سربیەکان بە مەرجی ئەوە رازیبوون لەناوچەکە ریفرانۆم بکرێت، ئەگەر لایەنی نەرمرەو و ئەوانەی جوداخوازنین زۆرینە بێنن و مافی کەمینە سربیەکان پارێزراوبێت. پێشەوا و سیاسەتمەداری سربیەکان لە کۆسۆفۆ مەتران ئەریسیما دادو سافلیش، وەك نوێنەری سربیەکان بۆ مەبەستی دابینکردنی تەواوی مافیان بەشداری لە ریفراندۆمەکە کرد و حکومەتی سربیاش بە مەرجی جیانەبونەوەیان و دانەمەزراندنی دەولەتی ئەلبانی لە کۆسۆفۆ بێدەنگ بوو. حزبە ئەلبانیەکان نارەزایی و گلەییەکانیان دادی نەدا. سربیەکان سووربون لەسەر ئەوەی ناوی هەرێمەکە بکرێتە " کۆسۆفۆ و میتوخیا "، بەلاّم کۆسۆفۆییەکان نارەزایی توندیان بەرامبەر ئەم پێشنیارەیان راگەیاند. چونگە ئەوان داوایان دەکرد مامەلەی کۆسۆفۆ لەگەڵ یۆگۆسلافیا وەك دوو

ولاتی سەربەخۆی خاوەن سیادە بێت. ئەوەی زۆرتر وای کرد مەسەلەکە بە هێمنی مەیسەر بێت و بە هێمنی تێبپەرێت ئیدارە نێونەتەوەیەکەبوو، چونکە ئەوان وایان دەبینی، بە پێچەوانەی ئەم بۆچوونە ناوچەکە ئاژاوەو شەری تێدا روودەدات و هەرێمی کرواتیاش هاولاتی بەنەژاد ئەلبانی تێدایە، ئەوەش بوار بۆ کێشەی تر خۆش دەکات.

سەرۆکی فرنسی جاك شیراك لە داوا سەردانی بۆ یوغوسلافیا جەختی لەسەر ئەوەکرد، کەوا ناوچەکە چیتر پارچە پارچە نەکرێت و کێشەی تری بۆ نەسازێت. خافییر سۆلانای رێکخەری ئاسایش و دەرەوەی یەکیتی ئەوروپیش گفتی لەسەرکردەکانی ئەلبانی کۆسۆفۆ وەرگرت کەوا نابێ لە چوارچیوەی بریاری ئەنجومەنی ئاسایشی ژمارە ١٢٤٤ دەرچن. بە پیێ ئەم بریارە داوا دەکرێت، کۆسۆفۆ ئۆتۆنومی لەناو ولاتی یوگوسلافیا بدرێتێ.

سەرۆکی بەرێوەبەری مەدەنی نیونەتەوەیی لە کۆسۆفۆش " هانز هاکیروب " بە روونی ئەوەی پێراگەیاندن، کەوا ئەوان لەگەڵ یەکپارچەیی خاکی یوگوسلافیان و ئیبراهیم رۆگۆفاش هەمان بۆچوونی هەیە. ئەوەشی بە بیرهێنانەوە، کەوا هەموو لایەك لەسەر ئەوە کۆکن ئەوانیش ماف دەولەتی سەربەخۆیان هەیە، بەڵام ئەوەیان لەگەڵ بریار دەولی گونجاو نی یە.

ئەم بریارەو ئەم ئەنجامەی ئیمرۆ هاتە بەرجەستە، ئەو سیاسەتەی بەرقراربوو خەونی ئەلبانەکانی نەهێنایە دی. ولاتی گەورەی ئەلبانیا خەونی هەموویانە، ئەوانە کۆشش دەکەن ئەلبانی کۆسۆفۆو مۆنتی نیگرۆو مقدۆنیاو ئەلبانیاو ئەلبانیەکانی خواروی سربیا لەیەك ولاتا کۆبکرێنەوە. ولاتی نەتەوەیی گەورە دامەزرێنن، ئەوەش لە دوا کۆنگرەیان بە ئامادەبوونی گەورە کاربەدەستانی ئەلبانی هەموو جیهان لە شاری بریزرنی خوارووی کۆسۆفۆ لە کۆتایی نۆڤمبەرا بەسترا دەنگی بۆ دراو بە ئاشکرا باسیانکرد.